# گه‌له‌یه‌ک هۆنراوه‌ی تاکدێڕی

عه‌باس عه‌بدوڵلا یووسف

باوكی عاسمانی بوو، دایكی شێتی ئه‌ستێران بوو، خۆیشی فڕۆكه‌وانه.
حه‌زت له‌ جه‌نگی سارد بێت خۆت بكه‌ هاری پۆته‌ر.
به‌ تیشكی برۆجكتۆر له‌شكریان خه‌واندو به‌زه‌نگوله‌ی مێگه‌ل به‌خه‌به‌ریان هێنایه‌وه‌.
سه‌یره‌ تووتی لاسایی منی خانه‌خوێ ناكات، لاسایی T.V ده‌كات !
ئیدی فرمێسك له‌ هیچ چاوێك نارژێ، جیاته‌كه‌ی ده‌بێ چیبێ ؟!
ژماره‌ حه‌وت دارِسا: ئه‌فسانه‌داری بێزاری كردم !...ده‌به‌سه‌ به‌س.
له‌ ژماره‌نامه‌ی مۆبایله‌وه‌،توند، تووڕه‌، ژماره‌یه‌كم هه‌ڵبژارد ولێم دا، له‌وسه‌ر بۆقێك به‌ پێكه‌نین وه‌ڵامی دامه‌وه‌.
به‌خه‌یاڵی كچی چارده‌ساڵ، ده‌مانچه‌یه‌كی چارده‌خۆری كڕی و پاش چوارده‌ رۆژ نازانم چی پێ كرد!
دیوار به‌گوێیه‌! غه‌ریبحاڵ گوێش به‌ گوێیه‌!
له‌ تارما نه‌ترسا، جا تارما لێی ترسا.
باز جانه‌وه‌ره‌ و به‌ ئاسمانه‌وه‌ ده‌فڕێ....!!
تیڤێشه‌ بووم، له‌ سروشتی به‌راست سه‌یری دار زه‌قنه‌بووتم كرد،پێی چابوومه‌وه‌.
له‌ كۆنه‌ پراگ و كۆنه‌ ڤییه‌نناو كۆنه‌ به‌رلین دا به‌دوای كافكا گه‌ڕام نه‌مدۆزییه‌وه‌، له‌ كۆنه‌ هه‌ولێر خۆی پێناساندم: من ئه‌وم.
پێرێ ئه‌سپێكوژه‌ بوو، دوێنێ په‌نجه‌مۆر، ئه‌مرۆ ته‌گبیر بۆ سبه‌ی ده‌كه‌ن، بیكه‌ن به‌چی؟!
به‌ بنێشت ده‌بده‌به‌ پف ده‌كات و له‌ رقی رووداوێكی سیاسی ناوه‌ ناوه‌ دانه‌یه‌كی لێ ده‌ته‌قێنێ.
ئه‌م لاقه‌ی خۆم له‌سه‌ر ئه‌و لاقه‌م دانا، ئی ژێره‌وه‌ نركاندی: چه‌وساندمت
مرۆڤه‌، بێ ئۆكسجین ناژێ، مێدیایه‌، بێ به‌هارات ناژێ
پشت به‌ ددان ده‌به‌ستێت و ده‌ئاخوێ.
جه‌ڕه‌یه‌كم پڕ ئاسمان كرد.
هه‌ر پاڵتۆ ده‌كڕم و ده‌كڕم و به‌ده‌ردی پاڵتۆی گۆگۆل ده‌چێت.
مه‌راقمه‌ و ئێستاش،بزانم چی تێدایه‌: بوخچه‌ی ژنی زیزبوو، پرێسكه‌ی پیره‌ژن،.
براده‌ره‌كه‌م ناوی (نانه‌خۆره‌ی پێنج ئه‌نگوست)ه‌و به‌ چێشتی (ئاو)ی په‌تی داوه‌تی كردم.
شای دارستان گازاندی:گه‌لێك.. گه‌لێك له‌من زیاتر، مرۆڤ مامزی قڕ كرد.
ئه‌لوو...به‌ڵێ بڵێ،جاری هه‌زاره‌مته‌ هه‌ی له‌ من پۆلیستر!.
ژانێكه‌ بێده‌رمان، مه‌گه‌ر پیس به‌ پیس!
چار و ناچار به‌ره‌و ئاگره‌ سووره‌ غار ده‌ده‌ن.
به‌ پرخه‌ پرخی تۆ، شه‌مه‌نده‌فه‌رێكی چه‌كبار خێرا و به‌غار ده‌ڕوا.
خۆی تێهه‌ڵقورتاند، هۆنراوه‌كه‌ له‌ گه‌رووی شووشه‌دا ئاسێ بوو.
چ زوو به‌رچزوو، قه‌تماغه‌ی گرت و تا دوێنێش سرِی نه‌چوبوه‌ ده‌رێ.
په‌تای په‌تاته‌یه‌! ده‌موچاوی به‌ قینچكان هه‌ڵپه‌نماوه‌.
له‌ پشت بێژینگه‌وه‌ سه‌یری تابلۆیه‌كی ڤازارلێ ده‌كه‌م. كوا ؟! نه‌جووله‌ جوولی تێدایه‌ و نه‌هیچیش، ئه‌ی بۆ ئۆپیتیكال ئارته‌؟!
به‌ ناو شیشی به‌دلوول، گه‌رده‌لوول گۆرانی سه‌ركه‌وتن ده‌چرێت.
ده‌نگۆڕكێم له‌گه‌ڵ پڵنگ كردبوو، نه‌مزانی، تومه‌ز ئه‌ویش له‌گه‌ڵ.
گرِه‌گرِی ئاشێكی بێ گریز ده‌نگۆڕكێی كردبوو.
گه‌رماوی ئافره‌تان به‌هه‌شته‌ یان دۆزه‌خ ؟!!
تازه‌ بوویته‌ ماوس! خۆت پاشای گیاندارانی،پشیله‌ت تۆقاندووه‌و شێریش گه‌مه‌ی بنده‌ستی خۆته‌.
ئه‌لهه‌ق، ئیسپانه‌ی جۆكه‌ر، له‌ فه‌یله‌سووف و چاكسازان باشتر كار ده‌كات.
درووود بۆ عوود...به‌ژه‌نین دڵۆپ دڵۆپ ئاوی دامێ و نه‌یهێشت له‌ تێنوان قڕ بم.
میكرۆبێك له‌ مێدیا رایگه‌یاند: مرۆڤینه‌ كێوه‌ ده‌چن، هه‌ر قرِتان ده‌كه‌م.
سپێده‌یه‌كی رۆن رۆن بوو، چاوم به‌ تاریكایی شووشت.
به‌ڕوو هۆ به‌ڕوو.. به‌ڕوو هێ به‌ڕوو، نه‌ختێ كلاوت لاركه‌ تا پێت بڵێم : ئاشق هه‌رخۆتی، شه‌یدا هه‌ر خۆتی!
گورگی یووسف وه‌كوو یووسف دڵارامه‌.
ره‌نج به‌خه‌سار به‌دوای نهێنی و بنهێنی فستانی شاژن ده‌گه‌ڕام،له‌پڕ كرمی ئاوریشمم لێ په‌یدا بوو، تێكڕای بۆ ئاشكرا كردم.
له‌ حزبیش هه‌ر ته‌نیام!
هه‌ر په‌نجه‌یه‌ك ده‌سته‌و هه‌ر ده‌ستێكیش نۆهه‌ت و نۆ چاوه‌، سه‌ته‌مین چاویشی لێزه‌ره‌و راوه‌مێ پێده‌كات.
به‌ ده‌نووك چۆله‌كه‌ خه‌ریكن هه‌مه‌لایا بگۆزنه‌وه‌، میرووڵه‌ نارِازی بوو: ئه‌مه‌ كاری خۆمانه‌!
ده‌تكه‌م به‌ خانووی خۆم، مه‌به‌ستی بوو بڵێ ژنی خۆم.
شه‌یتان به‌زی و وتی: مرۆڤ له‌ من شه‌یتانتره‌.!
میكرۆبێكی هه‌میشه‌ نیشته‌ی ناو جه‌سته‌، پێكه‌نینی به‌ تاكدێڕییه‌كم ده‌هات و له‌ جێوه‌ پێی شێت بوو، پاشان به‌ داركاری چا بوو!
پێش ئه‌وه‌ی كلكی حوشتر بگاته‌ زه‌وی به‌ سانتیمه‌ترێك، من له‌ ستراتیژی DNA گه‌یشتم، به‌س له‌ تاكتیكی كۆلیسترۆل نه‌گه‌یشتم.
دوا پێكه‌نینی ژیانم هێنا پێش و له‌ ئێستام دا به‌ دوا گریانی ژیانم پێكه‌نیم.
به‌ گه‌شتیاری، سه‌ردانی شه‌فه‌له‌ی سه‌ر جه‌سته‌ی قه‌ڵاتی هه‌ولێر ده‌كه‌م، پاشان ئه‌گه‌ر كاتم له‌ ده‌ست ما، سه‌ردانی شوێنه‌واری قه‌ڵا ده‌كه‌م.
خۆی كرده‌ ئامێر، به‌ لالووتێ O هه‌ڵده‌مژێ و به‌ لایه‌كه‌ی تر CO2 ده‌رده‌دات.
نۆسته‌ردامۆسیشی نه‌خوێندۆته‌وه‌، سیسركه‌ پێشبینی ده‌كات مرۆڤ و گیانداری زه‌به‌للاح سێیه‌م جه‌نگی جیهان بقه‌ومێنن،ئه‌نجامیش هاوقڕانییه‌.
نووسینه‌و به‌خشینی مار ده‌چوو، بڵێ ئه‌نجامه‌كه‌ی مارانه‌ بێ؟!
به‌ چزوه‌كه‌ی قاڵكی كیسه‌ڵی كون كرد و پێوه‌ی دا، پاش چوارصه‌ت ساڵ كیسه‌ڵ به‌و ژه‌هره‌ی دووپشك مرد.
به‌ جۆشه‌ی مۆسیقای ترِی بنگۆم، ماف وازی له‌ مافی خۆی هێنا.
كه‌ له‌ ده‌رگه‌ی دا داوای نانی كرد كه‌. له‌ په‌نجه‌ره‌ی دا داوای سێكسی كرد.
ده‌نكه‌ خوێیه‌كی زێده‌، نۆستالگیامی كرده‌ ئاینده‌په‌رستی.
به‌س نیشانه‌ی پرسیار نه‌نێره‌...؟ ئه‌مه‌ خۆی پرسیارێكی خورت و نێره‌!
به‌ چه‌قۆ (K) له‌ knife جوێ ده‌كه‌مه‌وه‌.
خۆم، دیسان خۆم. پاشانیش هه‌ر خۆم، ئه‌وجا ئه‌نجامه‌كه‌شی نامنی ناخۆم.
به‌سواری كه‌رێكی سپی و سێپێ، به‌ناو سی سێگۆشه‌ی ئاگراوی ره‌تبووم.
له‌ جووتبوونێكی ناشه‌رعی دا، ده‌نكه‌ سیر سكی پڕبوو و بناوكه‌یه‌كی لێزا.
له‌ ئانی غارێ دا، به‌راز ئاشقانه‌ ئاوڕی له‌ پێشكه‌ دایه‌وه‌ و تامپۆنی به‌ مه‌گنیسیۆم كرد.
جوان و دلڕفێن و رۆمانسی!!! وێنه‌ی مانگ له‌سه‌ر باراناوی ناو قه‌پاغی شووشه‌یه‌كی به‌تاڵ.
كاش كۆتایی هات، هه‌وكه‌ كاخۆر، ماكدونالد به‌ كۆكا ده‌خوات و گرنگیش نییه‌ پاشان پێ ده‌ڕشێته‌وه‌.
هه‌نده‌ی نه‌مابوو هه‌ڵیمژم، ئۆكسجین لێم غه‌زری و داوای (بایانه‌)ی لێكردم.
بێچوه‌ مشكێك پاڵه‌وانانه‌و ماركسیانه‌ هاواری كرد: كیسه‌ی سه‌رمایه‌دارێكم كون كرد.
چوومه‌ سوپه‌رماركێتێك، شووشه‌ هه‌نگوین كرِیمی، كاژمێری زێركه‌ش كرِیمی،
چ ژنانێكن!!! له‌ ئاهه‌نگێكی نانهێنێ دا پیاوانیان خه‌ساند.
چه‌قۆ هه‌ر به‌رووتی بینراوه‌.
میسرییه‌كان خزمی نزیكی خۆمانن، ئه‌وان هه‌ڕه‌میان هه‌یه‌و ئێمه‌ش هه‌رمێ.
له‌ 99% له‌ تیۆری رێژه‌یه‌كی ئه‌نیشتاین گه‌یشتم، له‌ 1%یش له‌ زمان ده‌رهێنانی خودانه‌كه‌ی نه‌گه‌یشتم!
په‌نجه‌كانی په‌شیمانیم نه‌گه‌ست، هه‌ڵملستن، گرفتم نه‌ما.
پێی لێ نه‌نێ، جاریجاران نییه‌، ئێستا مێرووله‌ش چه‌كی ئه‌تۆم و لێزه‌ری په‌یدا كردووه‌.
شێره‌كه‌ی مه‌ترۆ گۆڵدوین مایه‌ر به‌ڕه‌ڵلا بوو وتێكرِای بینه‌رانی ناو هۆڵی سینه‌ما خوارد.
به‌ ترومبێلێكی پێشبرِكێ چوومه‌ بن كراسی، خرا و خێرا به‌سه‌ر جه‌سته‌ی نه‌رمی هاژوژتم و له‌ناو ناوكی دا هه‌ڵدێرام.
له‌وانه‌یه‌ له‌ سه‌ركی لاشه‌ی ناوگۆڕم، دره‌ختێك برِوێ هه‌م مورتك بێ و هه‌م خه‌نه‌.
قورِت به‌سه‌ری خامۆشی!!! هه‌ر مرۆڤێكی ئه‌مرۆ هه‌زار زمانی پێویه‌.
دڵ، بۆچی نه‌ندازی. نه‌تۆپی، نه‌لووله‌كی، نه‌ هه‌ڕه‌می؟
باران باری و قورسایی هه‌ر دڵۆپێك سه‌دو په‌نجا كیلۆ بوو، دڵۆپه‌یه‌كیان ئاوێنه‌ی ئاشقێكی دێهاتی و جوتیار هورد هورد كرد.
ماڵه‌وه‌دان، بووكۆله‌ش ئایدیۆلۆژیا هه‌یه‌!
سڵاوم له‌ رووباری تێژرِۆ كرد: نه‌ختێ بحه‌سێوه‌ و په‌رداخه‌ ئاوێك بخۆره‌وه‌.
بایه‌قوش عوسمانلییه‌.
چاو خۆی كرده‌ مێشك و ده‌موده‌ست مرد.
دووكه‌ڵی جگه‌ره‌ی ناو وێنه‌ فۆتۆی ره‌ش و سپیت، منی كرده‌ دووكه‌ڵمژ، خوا بتگرێ!
باڵنده‌كانیش سنووقی ره‌ش هه‌ڵده‌گرن.
ماره‌كه‌ سێكساندی و به‌ كلیۆپاترای وه‌دا.
گۆرانیه‌ تازه‌كه‌م: جین گیان.. جین قوربان.. وه‌ره‌ و مه‌چوو به‌رده‌ستان.
ده‌می له‌ ده‌می كه‌للەسه‌رێك ناوه‌...ماچ ئه‌مما ماچ !
ئه‌م (هیچ)ه‌ هیچ و پووچه‌، سه‌ری له‌ فه‌لسه‌فه‌ش تێكداوه‌.
له‌ناو رووبارێكی هه‌زارگێژه‌ن دا، به‌ده‌ستان ماسییه‌كم گرت.
كاسته‌ر خۆشه‌، كاسترۆ خۆشتره‌.
به‌ گره‌نتی ساڵێك، قه‌قنه‌سێكی كاره‌باییم كڕی.
به‌ینی دوو فاریزه‌ گێری ورِیایه‌، به‌ینی دوو فاریزه‌ی تر تۆم ورِیایه‌.
به‌ینی دوو فاریزه‌ی تریش بینه‌ر ورِیاتره‌.
له‌ جیاتی جه‌سته‌ی ئافره‌ت، هونه‌رمه‌ند نافووره‌ی پڕ جه‌ڕه‌ كردووه‌،
زراوه‌ هات و به‌دزی قسه‌ی بۆ كردم، تكاشی لێكردم نهێنیه‌كه‌ی بپارێزم، من زوو چووم ئاشكرام كرد.
له‌و قه‌یسه‌ری كۆنانه‌ی بازاڕ، گشت شتێكم دۆڕاند، ته‌نانه‌ت مێژووش.
كچه‌ی دوامۆدیل به‌ له‌نجه‌ولار ده‌ڕوا، جگه‌ له‌ جانتاكه‌شی، كتێبی (طوق الحمامه‌)ی به‌ ئیكسسوار هه‌ڵگرتووه‌.
خڕ، گشت، تێكرا، هه‌ر هه‌موو به‌یه‌كه‌وه‌ سه‌یریان ده‌كرد، منیش له‌ وێنه‌یه‌ك ده‌گه‌ڕام هه‌ر خۆم و به‌س لێی بروانم.
گرێكۆره‌ی پێ نه‌كرایه‌وه‌،
چوو رێوی هێنا بۆی بكاته‌وه‌.
بێ ئاو حه‌بێكم قوت دا، باڵم لێرِسكا، به‌چ كه‌لك دێ، باڵی وشترمل بوو!!
له‌ناو هه‌كایه‌تان دیویش ره‌نگاو ره‌نگن: سپی، ره‌ش،به‌ فیلمیش دێوی سوور و دێوی نارنجی و دیوی بنه‌وشه‌یی ده‌بینم.
هه‌مدیس هه‌مدیس: جه‌حه‌نندم و هادیس.
ده‌روێش به‌ كه‌شكۆڵ و عه‌ساوه‌ ره‌تبوو، چاپلنیش به‌شه‌پقه‌ و گۆپاڵه‌وه‌، نه‌كه‌س پێكه‌نی و نه‌كه‌سیش گریا.
نووبرِیاری من: به‌بێ (هتد...) وشه‌یه‌ك نه‌نووسم .
به‌سه‌ر شۆسه‌ی كۆنه‌كتێبدا، (لم نیازمه‌)م كڕی، برِێكم لێ خوێند تێنه‌گه‌یشتم،به‌به‌لاش دامه‌وه‌ فرۆشیاری.
ره‌شه‌بای سلێمانی سه‌نفۆنیایه‌كی كوردانه‌ت بۆ ده‌ژه‌نێ.
بێ ده‌ركه‌،بێ په‌نجه‌ره‌، بێ دیوار، بێ میچ، خانوویه‌كم دروست كرد.
قافیه‌كانی وه‌فاییم له‌نگ كرد، جا هۆنراوه‌كانیم خوێنده‌وه‌.
خه‌ونه‌ په‌مبه‌كانی خۆم به‌خشییه‌ شاعیرێكی رۆمانسی.
ئه‌مجاره‌یان شه‌و خۆی نووست.
ئه‌هێو.. ترِهێو.. مرۆڤ به‌ ON و به‌ off ئیش ده‌كات!!!
ئاو مه‌ستی كردم، ئاو به‌ده‌مه‌ستی كردم!.
فانتازیا فێری كردم بڵێم: كلیل وه‌ك كلیله‌ و ئاو وه‌ك ئاوه‌ و له‌ كۆتایی هه‌ر رسته‌یه‌كی وا، هه‌زار نیشانه‌ی سورِمان ریز بكه‌م.
جانتام تێكنا، ده‌سكه‌ پیفۆكێكم له‌ به‌ركی خۆم ناو به‌گه‌شت به‌ره‌و ده‌نگخانه‌ی ته‌م كه‌وتمه‌ رێ .
به‌ پێیان تۆپانێ به‌گۆی زه‌وی ده‌كه‌ن و به‌ده‌ستانیش یاری تۆپی باسكه‌، هانده‌رانیش جه‌ماوه‌رێكی كه‌للەسه‌ره‌.
كه‌ ئێمه‌ تێكرا رووت بین، بارانێكی ره‌نگاو ره‌نگ هه‌ر ده‌بارێ.
گوڵ گه‌ڵای له‌خۆی وه‌رپێچا،چیدی به‌رگه‌ی به‌دپه‌نجه‌و به‌دلووت و به‌دنیگا ناگرێت.
فرۆید... دیدالۆسانه‌ له‌ بنهۆش چه‌قی و ئیكارۆسانه‌ له‌ قه‌راغاوی بنی بنهۆشدا خنكا.
به‌ده‌ستان گوناحم كرد، یه‌خه‌ی پێیان گرتم.
كه‌ ون بووم، تێكرا به‌ دوام دا ده‌گه‌ڕان، ته‌نانه‌ت پۆلیسیش، دواتر هه‌ر خۆم خۆمم دۆزیه‌وه‌.
له‌گه‌ڵ big bang دا. به‌ق په‌قی و چوار ملیار كه‌فه‌تۆپی لێكه‌وته‌وه‌.
به‌ نێره‌كه‌پووی خۆی، كلیۆپاترا هاته‌ مه‌یدانی جه‌نگ.
رووناكی چاومی كوێركردو نووته‌كیش چاكی كرده‌وه‌.
به‌ هێدمه‌یه‌كی چاووزار رابردووی لێبووه‌ ئاینده‌ .
رووتێكی حه‌وایی به‌سه‌ر مافووری سووردا وه‌رزشێكی دژێوگا ده‌كات، مه‌ڵێ ئه‌وه‌ بۆ تابلۆو حه‌ڵاڵه‌و بۆ شیعریش حه‌رامه‌.
ساوا خه‌نی بوو، نووشیری مه‌مكی دایكی ره‌نگاوره‌نگه‌.
زانا تۆ له‌ سۆزیار به‌ سۆزتری، زانستیش 100% سۆزه‌.
مشكگه‌ل كه‌ دیوانی (كلكی كتكی) ده‌بینن.
له‌لای به‌دران شكات ده‌كه‌ن و ده‌خوازن (كلكی مشكی) چاپ بكات.
له‌ شه‌ماعیه‌وه‌ ده‌رچووین، چووینه‌ وۆل ستریت، وتیان پێچه‌وانه‌ هاتن، ده‌بوو له‌ وۆل ستریته‌وه‌ بچنه‌ شه‌ماعیه‌.
سندان له‌ فاریزه‌ دا، ده‌ڵێ مینن و له‌ هه‌موو شوێنێك، له‌بن پێی شاعیران ده‌ته‌قنه‌وه‌.
پێیه‌كه‌ی خۆم دێشی، ئه‌وجا من چیبكه‌م ده‌با هه‌ر بێشێ؟!
له‌ گه‌ڕاپێچه‌دا دۆزیمه‌وه‌ :
یاسای هاوسه‌مای من و با.
بۆ به‌ پێكه‌نین هێنانی گه‌لی سته‌مدیده‌، نزامان كرد مێش ببێته‌ گامێش.
من ئه‌ستوونی و ئه‌و ئاسۆیی، به‌ خێرارِه‌وی غارماندا، پاش 33 چركه‌ بێ رژانی خوێن، توند خۆمان لێكدا.
هۆنه‌رمه‌نده‌ و ئافره‌ته‌و له‌ بزنیش فێره‌ ستریپتیز بووه‌.
سێوم به‌ كچێنی بینی،
به‌ ماجه‌رایه‌كی نوێی بێ ئاده‌م، جه‌سته‌ی خۆی تاتۆدار كردبوو.
له‌و جۆته‌ جووته‌ سه‌یره‌دا: پیاز و سیر، سیرو ئه‌كسیر. سیر به‌ كوده‌تایه‌كی هه‌واڵگه‌رانه‌، پیازو ئه‌كسیره‌كه‌ی خوارد.
له‌ بۆ هێلكه‌ی ناو هێلكه‌ برِۆ یابان و له‌ بۆ جووت زه‌ردێنه‌ش وه‌ره‌وه‌ كوردستان.
چیت چاند چیت چاند چیت چاند...؟! چه‌...چه‌...چه‌ چه‌وه‌نده‌ر...!
به‌ڕۆشنای مۆم و چه‌هچه‌هه‌ی بولبول، له‌ناو قورِاودا به‌ ئه‌ندازه‌ی تۆرِێك، ورده‌ ماسی ره‌نگاو ره‌نگی گرت.
كه‌ كه‌سمان كه‌ر رانه‌گرین،لێمان یاخیبوون و بوون به‌ كه‌ره‌كێوی.
كێشم په‌نجاو نۆ كیلۆیه‌و به‌ قورسایی 37916 كیلۆگرام، مێژووم به‌ قیلمقاسه‌ هه‌ڵگرتووه‌.
به‌سواری دایناسۆر چوومه‌ راوكردنی پێشكه‌یه‌كی منی جارِس كرده‌.
ره‌نگی پێسته‌م گۆڕی، وتیان: چسوود! هزرت هه‌ر وه‌ك خۆی مایته‌وه‌.
باوكه‌ تۆ سه‌یری فیلمی كارتۆن بكه‌ زۆرت حه‌ز لێیه‌، منیش وا جلی كاوبۆم له‌به‌ره‌، ئا ده‌ی ده‌مانچه‌ی خۆتم پێده‌!
كه‌للەسه‌رێك به‌ خۆشاواز چرپاندی: من ژیانم!
له‌ نۆته‌كدا له‌ رۆخ روبارێك، خۆی و سه‌گه‌كه‌ی یۆگاندیان، هه‌ر خۆ به‌خۆیش نێرڤاندیان.
به‌تاو یه‌كشاخه‌ بۆم هات، كوشتمی، پێم خۆش بوو،بۆ پێم خۆش نه‌بێ؟! راست و راست و ئه‌ندازانه‌ هات.
كه‌ زانییان پرۆمتیۆس له‌ تیپی ئاگركوژێنه‌وه‌ كارمه‌نده‌، یه‌كسه‌ر كاربه‌ده‌ریان كرد .

